ماڵپەڕێکی ئەمەریکی: کۆمپانیای ئێکس تاووتوێی وەرگرتنی بڕێك پارەی بۆ تویت و ریتویت دەکات

بەڵگوێرەی زانیارییەکانی ماڵپەڕی (cnbc) ئەمەریکی، کۆمپانیای ئێکس (تویتەری پێشوو) تاوتوێی ئەوە دەکەن، ساڵانە بڕی یەك دۆلار لەوانەی وەربگرن کە تویت و ریتویت دەکەن.

ئەم ماڵپەڕە زیاتر ڕوونیشیکردەوە، ئەم هەوڵە بۆ ڕێگریکردن لە پێستی نەخوازراو و ڕێگریکردن لە واڵی فەیکەی.

زیاتر ڕوونیشکراوەتەوە، ئەم پڕۆگرامە سەرەتا لە نوزیلاند و فلیپین جێبەجێ دەکرێت.

ئەوەش خراوەتەڕوو، ئەم بڕیارە ئەوانەی دەگرێتەوە کە تازە هەژماری (ئێکس) دروست دەکەن و ئەوانەی پێشوو ناگرێتەوە.

پێشتریش ئیلۆن مەسك خاوەنی تۆڕی کۆمەڵایەتی (ئێکس) تویتەری پێشوو ڕایگەیاندبوو، هەموو ئەوانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی (ئێکس) تویتەری پێشوو بەکار دەهێنن، ڕەنگە لە داهاتوودا

مانگانەی بڕیك پارەی لەو بەرامبەر بەکارهێنانی بدەن.

لەو کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوو، ملیاردێری ئەمەریکی ئیلۆن مەسك، لەبەرامبەر پێدانی 44 ملیار دۆلار، بووەو خاوەنی تۆڕی کۆمپانیەتی (ئێکس) تویتەری پێشوو و دەستیکرد بەو ئەنجامدانی کۆمەڵێك چاکسازی و گۆڕانکاری، کەو زۆربەیان بووەتەو جێی گلەیی بەکارهێنەرانی تویتەر.